



# ماریمار جەڵتە لێیدەدات

خانمه گۆرانیبێژو ئەکتەری نێوداری مەکسیکی، تهالیا کە لەکوردستان بە(ماریمار) ناسراوە، تووشی جەڵتە بووەو ئێستاش لەژێر چاودێری پزیشکدایە.

ماریمار لەساڵی ۲۰۰۰ بەزنجیرە تەلەفزیۆنیەکی مەکسیکی بەنێوی (ماریمار) کە لەکەناڵە ناوخۆییەکانی باشووری کوردستان بڵاوبووەوە، جەماوەرێکی بەرچاوەی لەخۆ کۆکردەوە. رۆژی ۲۰۰۶/۹/۱٦، راگەیێنرا کە ماریمار بەهۆی جەڵتەی دڵییەوە گەیێنراوەتە نەخۆشخانەی (ماکینۆ)ی مەکسیکو، ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکاندایەو لەهۆش خۆی چووەو هێشتا بەهۆش خۆی نەهاتووەتەوە.

تهالیای تەمەن ۲۷ ساڵ کە ئێستا شووی بەهەمان کور کردووە کە لەزنجیرە تەلەفزیۆنی ماریمار لەگەڵی بەشداربووەو دەبێتە خۆشەویستی‌و، لەساڵی ۲۰۰۳ شووی پێدەکات‌و ئێستا دوو کوریان هەیە. هەروەها بەپێی راپرسییەک کە لەمەکسیک ئەنجامدراوە ماریمار بەنێودارترین گۆرانیبێژی وڵاتەکەی ناسێنراو، دوایین ئەلبوومی لەسەرتاسەری جیهان ۲٤ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە.